سەماحەتی حەکیم دووپات دەکاتەوە کە پۆلیس ئامادەیە فایلی ئەمنیەتی پارێزگاکان وەربگرێت

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بە بەڕێز فەریق عەبدئەلمیر شمەری وەزیری ناوخۆ کەوت و بەیەکەوە بیروبۆچوونەکان ئاوگەڵ کران سەبارەت بەکارو کەیسە پەیوەستەکان بە وەزارەت و چۆنیەتی پێشخستنیان بەشێوەیەك کە زیاتر خزمەتی هاوڵاتیان و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا بکات.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە وەزارەتی ناوخۆ یەکێکە لە گرنگترین ئەو وەزارەتانەی لە ژیانی هاوڵاتی نزیکە، ئەو پەیوەندیدارە بە لەدایك بوونی هاوڵاتی تا ڕۆژی مردنی، دووپاتیشی کردەوە کە زۆر گرنگە وەزارەت ڕێگای تازە لە داتاکردنی زانیاری و پێشکێش کردنی خزمەتگوزاری بەکار بهێنێت و ڕوونیشی کردەوە کە پەیوستە ئامادەباشی پۆلیس تەواو بکرێت بە ئەوەی بتوانێت فایلی ئەمنی پارێزگاکان بگرێتە ئەستۆ پەیوستیشە مەشق کردن بەردەوام بێت بە پێشکەوتن و پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ لەکاتی مامەلە کردن لەگەڵ هاولاتی، دەبێت خزمەت پێشکێش بکرێت و مافەکانی بە هەند وەربگیرێت وەك لە دەستوور و سیستەمی دیموکراتی هاتوە، سەماحەتی دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە کارتی نیشتمانی بە هەموو هاوڵاتیان هەبێت، داواشی کرد ئەمنیەتی هەژمارەکان لە بە هاوڵاتی و دامودەزگاکانی دەوڵەت هەبێت و کارتی پۆلیسی کەمەگەیی زیاتر ئەکتیف بکرێت لەبەر ئەوەی ڕێگەی گورەی لە کۆنترۆڵکردنی کێشەکان هەیە بەر لەوەی بگاتە ئاستیکی گەورەتر، هەروەها داواشی کرد کە گرنگی زیاتر بە ژێر خانی بنکەکانی پۆلیس بدرێت.